# پرچەکانم با رەش بێ، رەشێکی رۆژهەڵاتی

دۆکتور روئیا تلووعی

له فڕۆکەخانەی لەندەن گەیشتمە هۆڵێك کە خەڵك لەوێ وەستا بوون و هەر چاوێك بۆ میوانی خۆی دەگەڕا. نیگام لە سەر چاوەشین و سەوزەکان و پرچە زەردەکان خشکا، گەیشتە سەر پرچێکی رەش و جووتێك چاووی رەش و زەردەخەنەی پڕ لە میهرەبانی لە دەم و چاوی ژنێکی کورد. لە سەر لاپەڕەیەك کە بە دەستیەوە بوو بە گەورەیی ناوی منی نووسیبوو. دڵم پڕ بوو لە شادی. خۆی بوو، نەرمین.

نەرمین هاوڕێی ئینتەرنێتی من کە بێ ئەوەی یەکترینمان دیبێ زۆر پێکەوە دۆست بووین. پێش ئەوەی بیبینم نەرمین بۆ من بەس لاپەڕەیەکی چکۆلە بوو بە ناوی pm. بەڵام ئەو pmە جیهانێك بوو لە بیرورا و ئەندێشە. دوو ژنی کورد دوور لە یەك، دانێك لە سنە دانێك لە لەندەن هاوڕێ بووین. بە راستی تکنۆلۆجی پێوەندیە گشتییەکان بە تایبەت کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دنیای زۆر چکۆلە کردۆتەوە. من و نەرمین بە بێ هیچ رابردوویەکی هاوبەش، بەس لە رووی شێوازی بیر کردنەوەمان سەبارەت بە ژن، نەتەوەکەمان و کۆمەڵگا و... هتد، دوو هاوڕێی چاك بووین، نە من ئەوم ئەدی نە ئەو منی ئەدی. بێ هیچ رەنگ و ریا بیرۆکەکانمان دەبوو بە وشە و وشەکانمان تایپ دەبوو، دەڕژا سەر لاپەڕەی pm. لێرەدا دوو فکری هاوبەش یەکترینیان ئەدۆزیەوە. لەوانەیە ئەگەر فیکرەکانمان ئێمەیان نەکردایە بە هاوڕێ، بە هەڵکەوت لە لای یەکەوە

دەگـوزەراین و قـەد مـەودای دۆستایەتیشـمان نـەدەبوو. بـە هـەر حـاڵ مـن ماوەیـەك میوانی نەرمین بـووم. زۆر شـوێنی شـاری لەنـدەنمان پێکـەوە پێـوا و زۆر ژنـی چـالاکی بـەریتانیاییمان دی کـە لـە بزوتنـەوەی جیهـانی ژنـان و لابردنـی تونـد و تیـژی دژ بـە ژنـان رۆڵێکـی بەرچـاویان بـوو. زۆر جـار بـار و دۆخـی ژنـانی ئـەوێ و کۆمـەڵگای خـۆمم هەڵدەسـەنگاند. ئـەو کاتـە وەك زۆربـەی ژنـانی خۆمـان حـەزم لـە پرچـی زەرد بوو، بۆیـەش رەنگـی پرچـەکانم کـاڵ کردبـوون. پێتـان ئـەڵێم چـی بـوو و چـیم هەسـت کـرد کـە هاتمـەوە بـە خـۆم وت ئـیتر پرچـەکانم زەرد ناکـەم. پرچـەکانم بـا رەش بـێ، رەشـێکی رۆژهـەڵاتی. دیـارە کۆمەڵگایـەکی نـەریتی و پـەرە نەسـەندووی جیهـانی سێیەمی ئـەویش ناوچـەی کـوردەواری بـەو هـەموو کێشـە ئاڵۆزانـە و بـێ دەسـەڵاتییە کـە دەسـتەو یەخەیـەتی لەگـەڵ کۆمەڵگایـەکی پـەرە سـەندوو و پیشـەیی ئـەورووپی جیاوازی زۆرە.

دۆسـتان پێیـان وتم مـەڕوورەوە. ئەتبـەین بـۆ هۆمـۆفیز و کـاری مانـەوەت لـە ئەورووپا جۆر دەکـەین. وەك هـەر خوێنـدەوارێك لـە ئێـران کـە بـە شـوێن مەودایـەکی باشتر بـۆ ژیـان وڵات بـە جـێ دەهێڵـێ، منـیش دەرفـەتێکم بـۆ رەخسـابوو بـۆ کـۆچ. بەڵام ئەبوایـە بـیر وەکـەم. بیرێکـی قـووڵ. پێویسـتم بـە پیاسـەیەك بـە تـەنیایی بـوو. دەبوایە لەگەڵ خـۆم رێـك کـەوم کـە ئایـا دەمـەوێ کـۆچ بکـەم؟ لـە چـی کـۆچ ئەکـەم بەرەو چی کۆچ ئەکەم؟

نـەرمین و بنەماڵەکـەی لـەوێ پەنابـەر بـوون. نـەرمین کـوردی باشـوور بـوو. لـە ئەنفالەکاندا کۆچیان کردبـوو. ئێسـتا لـە لەنـدەن ماڵێکیـان بـە شـتومەکی ژیـان پێـدا بوون.

ماشینێکی سووری جوانیشی بوو که منی دوکتۆر له ئێران به چەند ساڵ بۆم نەدەکڕا. نەرمین کێشەی داب و نەریتەکانی دەور و بەری نەبوو. هیچ چاوێك له راننگی و جل و بەرگی جوان له بەر کردن و هەڵس و کەوتی ئاسایی ئەو، بز نەدەبۆوە.

تەواوی هەوڵی نەرمین دەرس خوێندنی منداڵەکانی و کار کردن و بەڕێوەبردنی ژیان و ئەوسا خوێندنەوە و بیر کردنەوە بوو. خۆی و مێرد و منداڵی زۆر بە رووی خۆش و رەفتارێکی ئاسایی بەرەو رووت دەبوونەوە. لە ماڵی نەرمین هەستم بە نامۆیی نەدەکرد.

بەڵام دەبوا پیاسەیەك بە تەنیایی بکەم. خۆم بم و ئەندێشەکانم. لە ماڵی نەرمین هاتمە دەر.

هەوای لەندەن وەك هەموو ئەو چەند رۆژەی کە لەوێ بووم هەور بوو. دڵم بۆ نەختێ هەتاو دەرهاتبوو. لە بیرمە هەر بەیانیەك لە خەو هەڵدەستام لە پەنجەرەوە بۆ هەتاو و شینایی ئاسمان دەگەڕام. بە داخەوە کاتێکیش ئاسمان شین بووایە، ماوەیەکی کورتی دەخایەند. دیسان هەورە دڵگیرەکان ئاسمانیان داگیر ئەکرد.

بە پیاسە لە لای ئاپارەتمانە چەند قاتەکان کە پڕ بوو لە رەش پێستەکان و جیهان سێیەمییەکان رۆیشتم. هەموو شتێکی لەندەن تەنانەت شەقامە باریکەکانی و ماڵەکانی و ئۆتوبوسە سوورە دووقاتەکانیشی کۆن بوون. ئەتوت لە شارێکی عەتیقەدا پیاسە دەکەم.

خەڵك هات و چوویان دەکرد. لە هەموو رەگەزێك و نەتەوەیەکی دنیا ئەتوانێ لە لەندەن ببینێ. رەشی ئەفریقی، ئەسمەری هێندی، چاو چکۆلەکانی چین

و ژاپۆن و تایلەنـد، زەلامـی عـەرەب، رواڵـەتی بەڕبـەڕی و ئـەفغانی، ئێرانـی، تـورك، کورد، هەروا بێتەوە تـا کـاڵ و سـپی و پرچـە زەردەکـانی ئـەورووپی. کـەس کـاری بـە کەس نییە، هـەر کـەس ئـەتوانێ هـەر چـۆنێك بێـت کـە دەیـەوێ. ژنێکـی وەرزشـکار بە جلی وەرزشی کورتـەوە هەڵـدێ. هـیچ پیاوێـك لا ناکەتـەوە تـاکو لەشـی بـە چـاوی تیـژ بپشـکنێ. ژنێکـی موسـوڵمان بـە چارشـێو و رووبەنـدە وەك ژنـەکانی ئـەفغان دەڕوا بــە رێگــادا، بــەس چــاوی دیــارە، کــەس بــە عەجایــەبی نــازانێ و لای بــۆ ناکاتەوە. ژن و پیاوێك لـە بـەر بتیکـێ لـە شـەقامی بـەناوبانگی ئاکسـفۆرد خـەریکن یـەکترین عاشـقانە مـاچ ئەکـەن، کـەس لایـان لـێ ناکاتـەوە. لـە سـەر کورسـیەکی هایـدپارك لـە پشـت ماشـینێکی پـارك کـراو جەماعـەتێك کـچ و کـوڕی هاوکلاسـی تریقە تریقی پێکـەنینیان دێ، نـازانم چ خەبـەر بـوو، بـەڵام ئـەزانم چـەندین کـەس وەك پیرەمێرد و پیرێژنێك کە بـە گۆچـانەوە لـە لایانـەوە دەرۆیشـتن، لایـان نـەکردەوە بـزانن چی دەقەومێ.

سەدان و هەزاران خەڵك بـە شـێوازێکی ئاسـایی هـاتن و رۆیشـتن، لـە هـەر دیـن و مەرام و نەتەوەیەك و بە هـەر جـل و بـەرگێك، کـەس کـاری بـە کـەس نـەبوو. منـیش وەك ژنێکی جیهـان سـێیەمی هـەر وەك وڵاتـی خـۆم بـە جـل و بـەرگی جـوان پیاسـەم دەکـرد. دیسـان کەسـیش کـاری بـە مـن نـەبوو. لـە ژێـر نیگـای تیـژی هـیچ ژن و پیاوێك هەستم بە ئازار نەدەکرد.

نـەبوونی ئـەو ئـازارە خـۆش بـوو، بـەڵام مـن لەگـەڵ گـەرمای خۆشەویسـتییەکی رۆژهــەڵاتی راهــاتبووم. ئــەو خۆشەویســتییە لــە هــیچ کــام لــەو پرچــە زەردە بــێ

ڕۆحانەدا هەستی پێ نەدەکرا. بە خۆمم وت ژیانی مۆدێڕنی ماشینی داخۆ خۆشەویستی دەکوژێ؟

لە سەردانێکم بۆ خەستەخانەییێکی تایبەت بە منداڵان، دیم کە خۆشەویستی لێرە نەمردووە، بەڵام چەشنی خۆشەویستییەکە جیاوازە. بۆ منداڵێك کە دەهاتە ئەو خەستەخانە، ژوورێك تایبەت بە شت و مەکی کایە کردن بوو. ئەوسا پەرستار زۆر بە نەرمی لەگەڵ منداڵەکە هەڵس و کەوتی دەکرد. دوکتۆر زیاتر لە نیو سەعات مۆعایەنە و لێکۆڵینەوەی بوو لە چۆنیەتی نەخۆشی منداڵەکە. بە چەشنێك لەگەڵ ئەو منداڵە ئەدوا وەك لەگەڵ پرۆفسۆرێکی زۆر زانا قسە ئەکات.

بیرم هاتەوە کە چەند ڕۆژ لەوە پێش چووبووم بۆ ماڵی خانم دوکتۆرێکی هاوڕێم لە بریستول. ژنێك کە دوکتۆرای لە کۆمەڵناسی کوردا بوو و خاوەنی چیها نووسین بوو. بۆ ماوەی ساڵێك بە هۆی منداڵداری لە مۆڵەتدا بوو و بە ڕاستی کاتی خۆی بە تەواوی تەرخانی پەروەردە کردنی منداڵەکەی کردبوو. مێردەکەی دوای مۆڵەتی دایك، دیسان شەش مانگ مۆڵەتی پێ ئەدرا کە ئەویش لە پەروەردە کردنی ئەو منداڵەدا بەشدار بێ. کاتێك دایك بۆ بەشداری دە ڕۆژە لە کۆنفرانسێکی کولتووری چوو بۆ فەڕانسە، ئەو منداڵە زۆر بە ئاسایی لای باوکی بوو.

هێواش هێواش نم نم باران دەستی پێکرد. سەرمام بوو. کۆتەکەم بەست و شاڵەکەم لە ملم ئاڵاند.

لە لای مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووم. شوێنێك کە هەموو هەفتەی جارێك کوردەکانی ئەوێ کۆ دەبوونەوە و باسی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و

شیعر و ئەدەبی کوردییان دەکرد. بیرم هاتەوە هەفتەی پێشوو لە کۆڕی شیعری بەڕێز کەمال میراودلی بەشداریم کرد. کوردێک یەک مەنجەڵ دۆڵمەی هێنا. بە راستی حاڵ و هەوایەکی کوردانەی بوو. دۆڵمەی کوردی لە fish and chipsی بریتانیایی زۆر خۆشتر بوو. ئەوانەی لەوێ کۆ ببونەوە دیار بوو هەر کامیان دوای ماندوویی لە کار و ئیش، لە کۆڕێکی کوردانەدا بە دەوری یەکەوە دەحەسانەوە. زەردەخەنەی لێوەکان و چاك و چۆنیەکان پڕ بوو لە خۆشەویستی کوردانە. پرچەکان رەش بوون، چاوەکانیش رەش بوون و خۆشەویستییەکان رۆژهەڵاتی. من پەروەردەی ئەو خۆشەویستییە ئاشنایە بووم.

گەیشتمە نێو پاساژێك. لە لای ئارایشگایەکی ژنانە کە خاوەنەکەی پیاوێکی چینی بوو، دوکانێکی لێ بوو. خانمێکی کورد لەو دوکانە کرێکار بوو. جل و بەرگی ژنانەیان دەفرۆشت. خانمە کوردەکە زوو زانی کوردم.

باسی خۆی بۆ کردم. لە بەیانی تا شەو بۆ چەند پۆند لەو دوکانە ئیشی دەکرد. دەیوت زۆر ماندوو ئەبێ بەڵام هەر نەیدەویست بگەڕێتەوە کوردستان. باسەکان هاتە سەر چۆنیەتی بار و دۆخی ژن لە کوردستان. دیسان بیرم هاتەوە دوێنێکە چووبووم بۆ ئەنستیتۆی ژنانی لەندەن. خانمێکی ٥٠ ساڵە بەرپرسی بوو. خانمێکی زۆر خاوەن کەسایەتی و زانست کە زانیاری لە سەر ژنانی جیهان سێیەمی و کێشەکانیان زۆر بوو. سەبارەت بە ژنانی کورد زۆر پرسیاری لێم کرد. پێی خۆش بوو کە ژنانی ناو وڵاتیش خوێندەوارن و دوکتۆر و مامۆستا و ئەندازیاریان هەیە. لە زۆربەی فیلمەکان بەس ژنانی نەخوێندەواری دیبوو. لە بیرمە خانمی بەرپرس جل و بەرگی کوردی منی زۆر پێ جوان بوو. خۆیشی کۆت

و دامـــەنێکی کـورتی لــە بــەردا بــوو. دامەنەکــەی بسـتێك ســەر ئــەژنۆی بــوو. جـل و بەرگی نــە لــە کەسـایەتی ئــەو کــەمی دەکـرد و نــە کەسـیش چـاوی لێـی بـز دەبـۆوە. چـیها بەڵگــەی چــالاکییەکانی ئــەو ئەنســـتیتۆیەی لـــە ئــەفریقا و ئاســیا نیشــانم دا. راستەکەی دڵـم سـووتا بـۆ خۆمـان ژنـانی نـاو وڵات. ئێمـە لـەو هـەموو چـالاکیە بـێ بەش بووین.

لــە پاســاژ هاتمــە دەر. بــاران وەســتا بــوو، تــاکو مــاڵی نــەرمین دەرفــەتم بــوو بیروەکەم. لە بەرابـەر هـەور و هـەوای دڵگـیری لەنـدەن، مـن هـەتاو و ئاسمـانی شـینی کورستانم بوو. بۆ سـاعەتی بـیگ بـێن بـەو شـکۆیەوە، سـاعەتەکەی مـەیانی ئێقبـاڵی سنەم بـوو. دیـارە پێکـەوە قیـاس نـاکرێن، بـەڵام دڵـی مـن لای زەنگـی سـاعەتەکەی ســنە بــوو. هایــدپارکی مــن لــە ســنە دیــدگا بــوو. لــە بەرابــەر شــەقامە باریــك و کۆنەکانی لەندەن، کـە ژمارەیـان لـە بـژاردن نایـەت، چـەند شـەقامی پـان و بـەرینمان (نەك مۆدێرن) لە سنە بـوو. لـە جیـاتی پرچـە زەردە بـێ روحـەکان، پرچـی رەشـی پـڕ لــە رۆحــی رۆژهــەڵاتیم بــوو. دیــارە قەسـری مەلەکــە ئێلیزابێــت و بینــای مێــژویی پەرلەمان و زۆر شتی تـرم لـە سـنە نـەبوو. رێکخـراوەی ژنـانی وا چـالاکم نـەبوو، ئـەو هــەڵس و کەوتــە تایبەتــە لەگــەڵ نەخۆشــی خەســتەخانە نییــە، ئــەو چەشــنە کــات تــەرخان کردنــە بــۆ پــەروەردە کردنــی منــداڵ نییــە، بــاوك بــەو ئەنــدازە گــیرۆدەی پــەروەردە کردنــی منــداڵ نییــە، مەڵبەنــدێکی تایبــەتی رۆشــنبیری و کۆبوونەوەیــەکی دۆستانەی بێ شەڕ و دڵگرانـی لـە یـەك نییـە یـان کەمـە، دیـارە لـە وڵاتەکـەم کێشـە بــۆ مـــنی ژن زۆرە. ژن ئەگـــەر بـــە جـــل و بـــەرگی جـــوان و ئاراســـتە بـــێ زۆر کـــەس پرســیاریان لا دروســت ئــەبێ! ژن هــەر وەك شمــەك (کــالا) ســەیر دەکــرێ. نرخــی ژن

هـەر لـە جـوانی لەشـیدایە نـەك جـوانی بـیروڕای دەروونـی و باوڕەکـانی. هێشـتا ژن باوەڕی تەواوی بـە خـۆی نییـە و بـە داخـەوە کۆیلـەتی، بـە چارەنووسـی داسـەپێنراوی خۆی دەزانـێ. ژن ئەگـەر رووخـۆش بـێ عـەجیب و سـەرنج راکێشـە، بـۆوەی پەسـندی پیـاو سـالاری ژنێکـی بـە پیـاو بـووە. بـە داخـەوە خـەڵك گـەورەترین سـەرگەرمییان سـەرنج دان نێـو ژیـانی تایبـەتی یـەکترە. هێشـتا ئەگـەر رێـز لـە ژنـانی چـالاك لـە شـوێنێك بگـیردرێ کولتـووری lady is first جـێ نەکـەوتووە. ئـەو رێـزە لـە ژنانی چالاك دەبێتە هـۆی دڵگرانـی کـاکی رۆشـنبیر شـێوە. لـە ئـەو رەفتـارە نەریتیـە کە لە بنەماڵـەدا لەگـەڵ ژنـی خـۆی دەیکـا شمشـێرێك سـاز دەکـات و هێـرش ئەکاتـە سـەر ژنـانی چـالاکی کۆمـەڵگا و لـە رووی شـایعە و نائاگـایی خۆیـەوە هـەڵیان دەسەنگێنێ.

زۆر سـەیرە کـە کەسـایەتی هـەر کۆمەڵگایـەك لـە رووی چـۆنیەتی بـار و دۆخ و هەڵس و کـەوتی ئـەو کۆمـەڵگا لەگـەڵ ژنـدا هەڵدەسـەنگێنن. کەچـی لێـرە لـە رێـزی ژن کەسـانێك عـاجز دەبـن! دیـارە بـەهـای چـالاکی ژن لـە کۆمەڵگاکـەی مـن زۆر سەنگینە.

زۆر راحەت تۆمەتی رنگـاوڕەنگ بـۆ ژن سـاز دەکـرێ، بـە تایبـەت بـۆ ژنێـك کـە بیەوێ هەر ژن بێ، نەك پیاو بێ و شانۆ بکات.

لە کۆمەڵگای من مرۆڤـ و بە تایبەت مرۆڤی ژن ئازاد نییە.

پیاسـەکەم لـە شـاری لەنـدەن خـەریك بـوو تـەواو دەبـوو.لـە مـاڵی نـەرمین نزیـك دەبوومەوە. لـە خـۆمم پرسـی چـی ئەکـەم؟ بـەیانی ئەچـم بـۆ هۆمـۆفیز؟ شـوێن کـۆچ ئەکـەوم؟ دیـارە ئەگـەر بمـەوێ کـۆچ بکـەم لـە زۆر سـتەم و ئـازار کـۆچ ئەکـەم. وەك

بــەختیار عــەلی دەڵــێ «کــۆچ لــە». بــۆ زۆر ئاســایش وەك مــەودای بــیروڕا و تێکۆشانێکی ئازادیش کۆچ ئەکەم، «کوچ بۆ».

بەڵگەم بۆ «کــوچ بــۆ» زۆر بــوو. بڕوانامــە و خوێندواریشــم بــوو. بــەڵام ئــاخر مــن بۆ کوردســتان دەرســم خوێنــدبوو. ئەگــەر هــەموو خوێنــدەوارەکان بــڕۆن کــێ خزمــەتی وڵات بکات؟ ئەگەر لــە بەرامبــەر هــەموو کــەم و کورتیــەکان و ســتەمەکان کــە لــە ژن دەکــرێ، تــەنیا هــەڵهاتن و کــۆچ هەڵبــژێرین، کــێ لــە بەرامبــەر داب و نەریتــە ناحــەزەکان ئــەبێ ڕاوەســتێ؟ جەســارەت لــە ڕاوەســتان و هەوڵــدان و تێکۆشــاندایە. ئەگــەر مرۆڤــ جەســارەتی نــەدەبوو ئێســتاش هــەر دانیشــتووی ئەشــکەوتەکان دەبــوو. بە خــۆمم وت: نــاڕۆم. بــا هــەر دوکتــۆرە کوردەکــان وڵامــی ســڵامی گــەرمی نەخۆشــە کوردەکان لە ناو وڵات بدەن.

لە ناکاو خانمێکی پــرچ زەردی بــێ ڕۆح لامــەوە ڕۆیشــت. وتم نــا، ژنــە کــورد، مــن کــۆچ ناکــەم. دەڕومــــەوە وڵات. کــارم زۆرە، پــڕم لــە جەســارەت. بــەڵام کاتێــك چوومەوە پرچەکانم ڕەش دەکەمەوە، ڕەشێکی ڕۆژهەڵاتی.